هەرارگای خاتەمولئەنبیا: هەرش بکرێتە سەر وەستگەکانی ئێران، ژێرخانی وزەی لەناوچەکە وێران دەکەین



قەرارگای ناوەندیی خاتەمولئەنبیای ئێران دەڵێت، ئەگەر هەرش بکرێتە سەر وەستگەکانی وزەی وڵاتەکەیان، ئەوانیش دەستەوەستان نابن و ژێرخانی وزە، نەوت و پیشەسازی و تەکنەلۆژیای زانیاریی و پەیوەندیی ئیسرائیل و ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا وێران دەکەن.

وتەبێژی قەرارگای ناوەندیی خاتەمولئەنبیای ئێران، ئەمڕۆ دوشەممە، لە راگەیەندراوەکی نوسراودا وتی، چەندین جار وتومانە کە گڕوی هورمز تەنیا بە سوی دوژمن و هاتوچۆی زیانبەخشدا داخراوە و هەشتا بتوانرێ داخراوە، تا ئێستا لێژەر کۆنترۆڵی زیرەکانەی ئەمدایە، هاتوچۆی بەزیان بەپێی ڕێکارە تایبەتەکان و بە گەرەنتیی ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ئەم ئێنجام دەدرێت.

وتەبێژی قەرارگای ناوەندیی خاتمولئەنبیای ئێران وتوشیەتی: لە ئێگەری جێبەجێکردنی هەڕەشەکانی سەرۆکی ئەمریکادا سەبارەت بە وەستگەکانی وزەی ئێران، دەستبەجێ ئەم خاڵانەی جێبەجێ دەکەن:

1. گەروی هورمز بەتەواوی دادەخرێت و گەروەکە ناکەنەوە تا ئێو کاتی وەستگەکانی وزە کە هەرشیان کراوەتە سەر بونیاد دنرنەوە.

2.هەمو وەستگەکانی وزە، ژێرخانی وزە و تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیی ژێمی زایەنی بشێوێکی بەرفراوان دەکرنە ئامانج.

3. هەمو ئێو کەمپانیا هاوشوانی لە ناوچەکەدا پشکی ئەمریکییان تەدایە، بەتەواوەتی وەران دەکەین.

4.وەستگەکانی وزەی ئێو وەاتانی ناوچەکە کە میوانداریی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا دەکەن، دەبنە ئامانجێکی ڕەوای ئەمە.

جەختیشی کردەتەوە کە "هەمو شتێک بە جیهادێکی گەورە بە ئامانجی لەناوبردنی تەواوی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژاوای ئاسیا ئامادەیە."

ئەوەشی خستەڕو، ئەمە دەسپێشخەری شڕ نەبوین و ئێستاش نابین، بەڵام ئێگەر دوژمن زیان بە وەستگەکانی ئەمە بگەیەنێت، بە بەرگریکردن لە وڵات و بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان دەست بە هەر کارێک دەبەین و پرسەکە بەبێ وچان بە لەناوبردنی ئێو ئامانجانەی ئاماژیان پێکرا دەستپەدەکات و هیچ شتێک ناتوانێت ڕێگری لە بەردەوامیی ئێپراسیۆنەکانمان بکات بۆ لەناوبردنی ژێرخانی وزە، نەوت و پیشەسازیی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا."